بوومەلەرزەیەکی بەهێز وڵاتی مەغریبی گرتەوە و سەدان هاوڵاتی بوونە قوربانی

وەزارەتی ناوخۆی مەغریب بڵاویکردەوە، بەربەیانی ئەمە شەممە (9ـی ئەیلولی 2023) بوومەلەرزەیەکی بەهێز ناوەندی شاری مەراکیشی گەشتیاری، هەروەها شارکانی ئەزیلاو، شیشواوا و تاوردانیتی باکووری ڕۆژئاوای مەغریبی هەژاند، بەهێوە 296 کەس گیانیان لەدەستدا و 160 کەسیش بریندار بوون.

لەوبارەیەوە، سەنتەری لێکۆڵینەوە و زانستی بوومەلەرزەی مەغریبی بڵاویکردەوە، هێزی بوومەلەرزەکە 8.6 پلەی ڕێختەر بووە، لە ئێنجامدا نزیکەی 300 کەس گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە 150 کەسی دیکەش بریندار بوون، دەیان باڵەخانەی شاری مەراکیش کە شارێکی مێژوویی وەرانبوون و زیانیان پێگەیشتووە.

تەلەفزیۆنی فەرمی مەغریبیش ئاماژەی بۆکردووە، بوومەلەرزەکەی بەربەیانی ئەمە بەهێزترین بووە لە مێژووی مەغریبدا.

حکومەتی مەغریب بە بەهاناوچوونی لەقەوماوان دەیانی تیمی لە ڕباتی پایتەخت و شارکانی دیکەی مەغریبەوە ڕەوانەی شاری مەراکیشی گەشتیاری کرد.